Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101014

# ڕۆڵ و پێگەی حیزبی تودە لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئێران (١٩٧٩-١٩٨٣)
# لێکۆڵینەوەیەکی(مێژوویی- وەسفی)یە

**ئاشنا علي محمد امين**

بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ دەروازەی بەشداری سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکان ئاوەڵابوو لە نێویشیاندا حیزبی تودە، لەگەڵ ئەوەدا دوای باڵادەستی ڕەوتی ئاینی بەسەر دەسەڵاتدا قۆناغ بە قۆناغ ڕۆڵی حیزبی تودە لە حکومەت و بەشداری سیاسی لە ئێراندا لەلایەن خومەینییەوە لاوازکرا، سەرەڕای ئەوەی تودە پشتیوانی لە خومەینی و ڕەوتی ئاینی کرد، بەڵام زۆری نەبرد نەك لەبەشداری سیاسی بگرە لە ئێرانیش یاساخ کرا و زۆرێك لەسەرکردەکانیان گیران و کوژران و ئاوارەی دەرەوەی ئێران بوون. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدێکی مێژوویی-وەسفی لە چوارچێوەی سێ تەوەردا ڕۆڵی حیزبی تودەی لە ئێراندا خستۆتە ڕوو لە تەوەری یەکەم پوختەیەك لە مێژووی حیزبی تودە تاوەکو ساڵی١٩٧٩ باسکراوە، تەوەری دووەم حیزبی تودە لەماوەی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگاندا (٥شوبات- ٦تشرینی دووەمی ١٩٧٩) تیشکی خراوەتەسەر و کۆتا تەوەر بۆ ڕۆڵی حیزبی تودە (١٩٨٠-١٩٨٣) تەرخانکراوە لەکۆتایدا گەیشتوین بە چەند ئەنجامێك و بە پوختی خراوەتە ڕوو.

***Article Info***

Received: October, 2022

Revised: December, 2022

Accepted: April, 2023

***Keywords***

ئێران، حیزبی تودە، کۆماری ئیسلامی

***Corresponding Author***

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر یەکێك لە قۆناغە گرنگ و هەستیارەکانی مێژووی ئێران، کە ئەویش قۆناغی گەشەسەندن و نەمانی حیزبی تودەیە لە ئێران لەماوەی نێوان(١٩٧٩-١٩٨٣)، گرنگی ئەم قۆناغەی ئێران ئەوەیە، کە بە گواستنەوەی دەسەڵات و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دادەنرێت لەگەڵ دروستکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەم توێژینەوەیەدا باس لە وردەکارییەکانی سەردەمی زێڕینی حیزبی تودە و هاوکات سەردەمی پایزی حیزبی ناوبراو کراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەبوو، کە نوسینی بێلایەنانەی ئەکادیمی ورد و سەربەخۆ بەزمانی کوردی پێویستییەکی بنەڕەتییە، لەم بارەیەوە، لەم بوارەدا لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە دەستی خستۆتە سەر خاڵە نادیارەکان و هەوڵیداوە شیکارێکی زانستیانە و بێلایەنانەی ڕووداوەکانی بکات.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی پوخت باس لە ڕۆڵی حیزبی تودە لە ئێراندا کراوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٩، هەرچی تەوەری دووەمە باس لە ڕۆڵ و پێگەی حیزبی تودە لەماوەی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگاندا (٥/ شوبات- ٦/ تشرینی دووەمی ١٩٧٩)دەکات، تەوەری سێیەمیش تایبەت کراوە بە حیزبی تودە لەسایەی حکومەتی ئاینی ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٣)، لە کۆتایشدا ئەنجام لەشێوەی چەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سود لە (میتۆدی مێژوویی- وەسفی) وەرگیراوە، کە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی ڕۆڵی حیزبی تودە لە ڕوودا وو گۆڕانکارییەکانی ئێران و کاریگەری ئەو حیزبە وەك حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن تیشکی خراوەتەسەر و ڕاڤە کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا سود لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆر بە زمانەکانی کوردی، فارسی وەرگیراوە، لە گرنگترین سەرچاوەکان:( شورشیان آرمانخواه ناکامی چپ در ایران، شکل گیری انقلاب

اسلامی، درون انقلاب ایران،، اعتراف شکنجه شدگان، ایران بین دو انقلاب، خاطرات ایرج اسکندری، حزب توده ایران و دکتر مصدق، خاطرات نورالدین کیانوری، ولادیمیر کوزیچکین، کا گ ب در ایران ، روزنامەهای مردم، اطلاعات...هتد).

**بە**هیواین ئەم توێژینەوەیە توانیبێتی بەشێك لەو ناڕوونییەی ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی ئێرانی بەشێوەیەکی ئەکادیمی خستبێتە ڕوو، هەرچەند هیچ توێژینەوەیەك بێ کەموکورتی نییە، ئەم توێژینەوەیەش لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە، دەتوانیین بڵێن دەروازەیەکە بۆ خوێندنەوەیەکی زانستی وردی ئەو قۆناغە.

**تەوەری یەکەم:- ڕۆڵی حزبی تودە لە ئێران تاوەکو ساڵی ١٩٧٩.**

ڕیشەی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپ بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی پارتی سۆسیالست دیموکراتی ئێران لە ساڵی ١٩٠٤. لەڕاستیدا ڕەوتی چەپ تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕوسیا لە قۆناغێکی لاواز و پەراوێزدا بوو لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا، بەڵام دوای شۆڕشی ١٩١٧ بیری مارکسی لە ئێراندا وردە وردە وەك ناوچەکانی دیکەی جیهان سەرنجی جەماوەری ئێرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا (میلانی،١٣٨١: ١٥٠)، لە ئەنجامی کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی و دیموکراتی ئێران پەرەی سەند، لە هەموو شوێنێك کۆبونەوە و خۆپێشاندانیان ئەنجام دەدا، بەشداربووانی ئەم چالاکییانە داوای بەرقەرارکردنی پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵ سۆڤیێت دەکرد و دژایەتی بەریتانایان دەکرد ( ئیڤانۆڤ، ٢٠٢٠: ٦٠)

حزبی عەدالەت لە ١٩١٧ لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی چەپ لە باکۆ دامەزرابوو، دواتر حزبی کۆمونیست لەساڵی ١٩٢٠ لەسەر بنەما و پاشخانی حزبی عەدالەت* دامەزرا، کە لەوکاتەدا لقی لەتاران، تەبرێز، مەشهەد، ڕەشت، ئەنزەلی، زەنجان، ئەردەبێل و شارەکانی دیکەی ئێراندا هەبوو، ئەمەش دوای ئەوەی لە ڕۆژانی ٢٢-٢٤ ی حوزەیرانی ١٩٢٠عەدالەت کۆنگرەی حزبی خۆی بە بەشداری (٤٨)ئەندام لە ئینزلی بەست، بەرنامەی حزبەکەیان سەرلەنوێ داڕشتەوە (ئیڤانۆڤ، ٢٠٢٠:ل ٧١-٧٢)، هەروەها حزبی سۆسیال دیموکرات بە سەرکردایەتی سلێمان میرزا ئەسکەندەر، کە بە بەرەی چەپی حزبی دیموکرات ئەژماردەکرا بۆ ماوەیەکی زۆر هاوکاری و پشتیوانی ڕەزاخانیان کردبوو، بەڵام ڕەزا شا هەر زوو هەستی بە مەترسی پارتێکی سۆسیالستی کردبوو بۆسەر ئاییندەی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکەی، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٢٦ بڕیاری قەدەغە کردنی ئەم پارتەی دەرکرد (خەیاڵی، ٢٠١٩: ٧٢).

حزبی تودە جێگرەوەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، کە لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٣٠یەوە سەرجەم چالاکییە سیاسییەکانی، تەنانەت حزبەکەش لەلایەن ڕەزا شاوە لەناوبرا (استمپل، ١٣٧٧: ٨٣). لەبەرئەوە حزبی تودە وەك ڕێکخراوی سیاسی چەپ و میراتگری سۆسیال دیموکراتی سەردەمی مەشروتیەت لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە. (مورادی، ٢٠١٧: ٩٤) لە ٢٢ی ئابی١٩٤١ مۆسکۆ و لەندەن لەبارەی دەستپێکردنی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران ڕێکەوتن، ئەوەش پاش پێدانی هۆشداری توندی ئەو دوو وڵاتە بوو بۆ ئێران ( قانعی، ١٣٨٧:٨٩) هەرچەندە ئێران بێلایەنی خۆی لە جەنگ ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە ٢٥ی ئابی١٩٤١ هێزەکانی یەکێتی سۆڤیێت لە باکورەوە و هێزەکانی بەریتانیا لە باشورەوە هێرشیان کردە سەر ئێران و داگیریان کرد (معتضد، ١٣٧٧: ٤٠٠) داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانان و دوورخستنەی ڕەزا شا لەدەسەڵات و بەدانانی محەمەدی کوڕی وەك پاشای ئێران قۆناغێکی نوێ لەو وڵاتە دەستپێیکرد، بە ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان و لابردنی سانسۆر لەسەر چالاکییەکان، کۆمەڵێك حزبی سیاسی دامەزرا و ژیانی فرە حزبی لەئێران دەستپێیکردەوە (نازناز، ٢٠١٠: ٨٢) چەند هەفتەیەك پاش وەلانانی ڕەزاشا لە دەسەڵات لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ لەلایەن گروپێکی کۆمۆنیستی ٥٣ کەسی، کە لە ژمارەیەك ڕوناکبیری چەپ و کەسانی میللی و ئازادی خوازی وەکو: میرزا سلێمان ئەسکەندەری، ئیرەج ئەسکەندەری، ڕەزا ڕۆستە، د.مورتەزا یەزدی، د.ڕادمەنش مەحمود بەقراتی و خەلیل مەلەکی...هتد حزبی تودە(گەل) لە تاران دامەزرێندرا (کیانوری، ١٣٧٢:ل ٦٧-٦٨) ڕۆژنامەیەکیان بەناوی مردم(خەڵك) وەك زمانحاڵی حزبەکەیان دەرکرد. ئەندامانی ئەم گروپە ئەڵقەیەك لە گەنجانی لایەنگری سۆسیالیزم بوون، کە لەدەوری د.تەقی ئارانی کۆببوونەوە و گۆڤارێکیان بەناوی دونیا(دنیا) بڵاو دەکردەوە، ئەندامانی ئەم گروپە پێشتر لە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن ڕەزاشاوە گیرابوون و خرابوونە زیندانەوە (آبراهامیان، ١٣٨٤: ص ٣٤٦-٣٤٧.)

لەسەرەتادا حزبی تودە وەکو حیزبێکی نیشتیمانپەروەر و دیموکراتخوازی لیبراڵی چاکسازیخوازهاتە گۆڕەپانی سیاسی، نەك وەکو حیزبێکی شۆڕشگێری کۆمۆنیستی، هەروەها خۆی وەك حزبی تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانی ناوزەد کرد (اسکندری، ١٣٧٢: ٣٩٨).

حزبی تودە بۆ یەکەمجار مۆدێرنانە ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی وەك: لاوان، ژنان، پیشەوەران و نوسەران...هتد، دامەزراند لە ئێراندا و چالاکی و کارەکانیانی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەوکاتی حیزبدا ئاڕاستە کرد، بەوەش یەکەمینجاربوو لە مێژووی ئێراندا حیزبێکی ڕادیکاڵی نا ئاینی وەك تودە ببێتە حیزبێکی جەماوەری و لایەنگری گشتی کۆمەڵانی خەڵك مسۆگەر بکات (سەردەشتی، ٢٠٠٥: ٤) بەم هۆیانەوە حیزبی تودە لە ١٩٤٠کاندا سیمای حزبێکی نوێگەرای وەرگرتبوو لە نیوان ساڵانی(١٩٤٢-١٩٤٦) بەهێزترین حیزبی چەپ بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ژیلوان، ٢٠١٧: ٨٣). لەگەڵ ڕێکخستنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیەکاندا لەدژی وڵاتانی داگیرکەر لەئێران، هاوکات جومۆڵی ڕێکخستنە کرێکارییەکانیش دەستیپێکردووە لەلایەن حیزبی تودەوە، بەتایبەت لەنێوان ساڵانی(١٩٤٢-١٩٤٤) سەرجەم چالاکییەکانی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی زۆربینەی تارانی ڕێکخستووە، دروشمی ئەو بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك خۆی دەبینییەوە لە: "نان و تەندروستی و خوێندن بۆ هەمووان"، هاوکات لەڕیزی پێشەوەی بەرەی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکاندا بووە لەڕێگەی ڕێکخراوو سەندیکا کرێکارییەکانییەوە ( پناهی، ١٣٨٧: ٩٩).

حزبی تودە توانی بەسود وەرگرتن لە پاڵپشتی لۆجستکی یەکێتی سۆڤیێت ببێتە حیزبێکی ڕێکخراو لە ئێراندا. لەڕێگەی مارکسیزم-لینینزمی ئێرانی توانی پشتگیرییەکی بەرچاوی لە نێوان چینی کرێکاران، خوێندکارانی زانکۆ و ڕۆشنبیران بەدەست بێنێت، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٣ کاندیدەکانی توانییان هەشت کورسی پەرلەمان بەدەستبێنن (میلانی، ١٣٨١:ل ٨٩-٩٠) لەساڵیادی کردنەوەی زانکۆی تاران لە ٤ی شوباتی١٩٤٩ هەوڵی غافڵکوژکردنی محەمەد شا درا، کە حیزبی تودە و خودی نورەدین کیانوری** تاوانبارکران بە هەوڵی غافڵکوژکردنی شا (قاسملۆ، ١٩٩١: ٢٢) لەم بارەیەوە نورەدین کیانوری دەڵێت: " **کاتێك بەهۆی یەکێك لە ئەندامانی حیزب لە پیلانی فەخرایی بۆ غافڵکوژ کردنی شا ئاگادار کرامەوە، وێرای بەدواداچوون پێمراگەیاند، کە سیاسەتی گشتی حیزب و کۆمیتەی مەرکەزی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش لەگەڵ غافڵکوژردن ناتەبایە"** (موردای، ٢٠١٧: ٩٥). بەم هۆیەوە شا ئەم ڕووداوەی قۆستەوە و هەوڵی غافڵکوژکردنەکەی گۆڕی بۆ کودەتای شاهەنشاهی، کە مەبەستی زیاتر سەرکوتکردنی چالاکی کاری پەرلەمانتاران و دەنگی ئۆپۆزسیۆن بوو، هەر لەمڕووەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان دەستگیرکران و زۆرێك لە چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان داخران، لەپاش چوار ڕۆژ شا بڕیاری یاساخکردنی حیزبی تودە و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانییدا لەئێران، زیاتر لە(١٥٠) ئەندامی لێدەسگیر کردن و لە دادگای سەربازیدا سزای جۆربەجۆ دران و هەندێکیشیان تیرباران کران، ژمارەیەك لەسەرکردەکانی توانیان بۆ دەرەوە هەڵبێن و خۆیان حەشاربدەن و هەندێکیشیان زیندانی کران وەك: نورەدین کیانوری، ئەحمەد قاسمی و مورتەزا یەزدی...هتد، چالاکییەکانی حزب چووە قۆناغی نهێنی و هەریەکە لە ڕۆژنامەکانی(مردم، بەسوی آینده، شهباز) بەنهێنی دەردەچوون، کە ئەم قۆناغە شکستێکی گەورە بوو بۆ تودە و لایەنگرانی (ژیلوان، ٢٠١٧: ٩٠)

بەهۆی بەرتەسککردنەوەی کاری حیزبی لەلایەن محەمەد ڕەزا شاوە بەتایبەتی دوای هەوڵدان بۆ غافڵکوژکردنی شا. ئازادی سیاسی لە ئێران تەواو سنوردار کرابوو، بەڵام بە هاتنی محەمەد موسەدیق (١٩٥١-١٩٥٣) قۆناغێکی نوێ لەو وڵاتە هاتە کایەوە کە ناوبراو تێیدا ڕەوشێکی لەباری ڕەخساند بۆ چالاکی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە نێویشیاندا حزبی تودە. بەم هۆیەوە حیزبی تودە ئازادی چالاکی سیاسی بەدەستهێنا بەشێوەیەکی فەرمی وێرای ئەوەی تودە پێشتر کەوتبووە بەر هێرش و پەلاماری دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران و چالاکیەکانی یاساخ کرا بوو، بەڵام ڕژێمی شا نەیتوانیبوو بناغە جەماوەرییەکەی لەبن بێنێت، هەروەها تودە توانیبوی بەشێك لە ڕێکخراوە نهێنیەکانی بپارێزێت، لای خۆشیەوە یەکێتی سۆڤیێت هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ پشتیوانی و زیندوکردنەوەی حیزبی تودە بەشێوەیەکی کرداری دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت چاکسازییەکانی محەمەد موسەدیق دژی ئەمریکاو بەریتانیایە ( بهروز، ١٣٨٠: ٤٥).

لەسەر مەسەلەی نەوت و دژایەتی کردنی محەمەد موسەدیق بۆ ڕێکەوتنی نەوتی نێوان ئێران-یەکێتی سۆڤیێت، ناکۆکی کەوتە نێوان بەرەی نیشتیمانی و حیزبی تودە وێرای جیاوازی ئایدۆلۆجی نیوانیان تودە پێی وابوو، کە موسەدیق لایەنگری ئەمریکایە.( کیانوری، ١٣٥٩: ٣)، لەم بارەیەوە یەکێك لە ئەندامانی تودە لە پەرلەمانی ئێراندا ووتی: "ئێمە وەك تودە بە تەواوی دژی پێدانی ئیمتیازی نەوتین بە ئەمریکا و وڵاتانی بیانی" (همان مصدر: ٣٢) تاوەکو کۆتایی ساڵی١٩٥٢ دژایەتی حکومەتی موسەدیقی دەکرد بە سود وەرگرتن لە پشێوی و نارەزایەتیەکانی شەقامی ئێران (استمپل، ١٣٧٧: ٨٣) حیزبی تودە هەرچەندە خۆی بە خەباتکاری دژی هەر جۆرە کۆلۆنیالیزمێکی ئێرانی دادەنا، بەڵام پشتگیری پێدانی نەوتی بە یەکێتی سۆڤیێت دەکرد، لەبەرامبەریشدا دانینا بە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز- ئێرانی تەنانەت ئامادە نەبوو بەرەنگارییان بێتەوە، لەم بارەیەوە ئیحسان تەبەری نوسیویەتی: " ئێمە لە ئێراندا بەرژەوەندیمان بۆ بەریتانیا هەیە و لەدژی بەرژەوەندییەکانی نادوێین، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە حکومەتی سۆڤییەت لەڕووی ئاسایشی خۆی لە ئێراندا بەرژەوەندی جدی هەیە" (گذشته چراغ راه آیندەاست، ١٣٧٧: ٢٠٩). ئەمەش پاراستنی هاوسەنگی بەرژەوەندی زلهێزەکان بوو لە ئێراندا و هەوڵی حیزبی تودە بوو بۆ پارێزگاری لەبەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیێت لە ئێراندا.

دوای دژایەتی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ محەمەد موسەدیق و هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئێران، حیزبی تودە چووە بەرەی پشتگیری موسەدیق و دەستیکرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك خۆپێشاندان، تێیدا پەیکەری شا شکێنرا لەگەڵ دڕاندنی وێنەکانی شا لەشەقام و شوێنە گشتییەکانی ئێراندا، بەڵام خەڵکی ئێران بەگومان بوون لە چالاکییەکانی تودە و کۆمۆنیستەکان، هەرچەندە حیزبی تودە نارەزایەتیان دژی شا دەردەبڕی، بەڵام نە خەڵك و نە سوپا متمانەیان پێ نەدەکردن و کەوتنە دژایەتی تودەییەکان، لە ڕاستیشدا درەنگ دەستیانکرد بە پشگیری کرداری حکومەتی موسەدیق، چونکە تازە کار لەکار ترازابوو (سەرباز، ٢٠١٩: ١١٦) دوای کودەتای ١٩٥٣ و کۆتایی هێنان بە حکومەتەکەی محەمەد موسەدیق ئیترهەڵمەتی گرتن و ڕاوەدونان و سەرکوتکردنی سەرکردە و ڕێبەرانی دیاری بەرەی نیشتیمانی و حیزبی تودە دەستپێکرد، بەمەش چالاکی کاری سیاسی فرە حیزبی لەئێران بەتوندی سەرکوتکرا بەتایبەت ئەو پارت و ڕێکخراوانەی خاوەن فکرەی کۆمۆنیست بوون خۆپێشاندان قەدەغە کرا، تەنانەت ئەوانەشی گومانیان لێدەکرا دژی شا بن لەم گرتن و ڕاوەدونانە بە دوور نەبوون ( علم. ١٣٧١: ٥١٥).

خوێناوی ترینی ئەو سەکوتکارییانەی لە دژی حیزبی تودە ئەنجامدرا، بۆنمونە، لە ساڵی ١٩٥٤ تۆڕێك لە ئەندامانی حیزبی تودە بەسەرۆکایەتی خەسرەو روزبە، کە پێکهاتبوو لە (٦٠٠)ئەفسەری پلە ناوەند و نزمی دەزگاکانی سوپا ئاشکرا کران، نزیکەی (٤٥٠) لەو ئەفسەرانە دادگایی کران و زۆرێکیان سزای لەسێدارەدان یاخود زیندانی کردنیان بەسەردا سەپێنرا، بەڵام ژمارەیەك لە بەرپرسانی باڵای حزبی تودە توانیان لە ئیران هەڵبێن و بچنە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لەوێ کەناڵێکی ڕادیۆیان لەدژی شا دامەزراند، بە بڵاوکردنەوەی فکرەی ڕوخاندنی ڕژێمی شا بەچەك و خەباتی چەکداری چووە ناو بزوتنەوەی خوێندکاری،

بەم شێوەیە خەباتی تودە لە تاراوگە دەستی پێکرد، بەڵام پاڵپشتی ناو بەناوی حیزب بۆ ڕژێمی شا لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم لایەنگری جەماوەری بۆ حیزبی تودە کەمکردەوە، هەروەها سەرهەڵدانی دوو سەرکردەی باڵای ئەو حزبە بەناوەکانی حسین یەزدی و عەباس شەهریاری لە نێوان(١٩٦٢-١٩٧٢)، کە نازناوی پیاوی هەزار ڕووی ئێرانیان لێ نرابوو، کاریگەری نەرێنییان لەسەر هەڵوێستی حزب هەبوو (میلانی، ١٣٨١:ل ١٥٠-١٥١) شایەنی باسە لەسەرەتای ١٩٦٠ ئەو بەشە نهێنیەی لە حیزب مابووەوە لەبەرەی نیشتیمانی نزیك بووەوە، بەڵام سەرکردە کۆنەکانی ئەو بەرەیە لەوانە شاپوربەختیار** و مەهدی بازرگان ***بە گومان بوون لێیان. بەمجۆرە حیزبی تودە لە ماوەی نێوان(١٩٦٣-١٩٧٨) لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات درێژەیان بە کارو چالاکیەکانیان دا (استمپل، ١٣٧٧: ٨٣).دەتوانرێت بوترێت دوای شۆڕشی سپی لە ١٩٦٣ بەدواوە بەشێوەیەکی گشتی حیزبی تودە هاوسۆزی ڕەوتی لیبراڵە ئیسلامیەکان بوو .( بهروز، ١٣٨٠: ٢١٣).

**تەوەری دووەم:- ڕۆڵ و پێگەی حیزبی تودە لەماوەی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگاندا**
**(٥/ شوبات - ٦/ تشرینی دووەمی ١٩٧٩)**

ئەو هەموو پشێوی و ئاڵۆزیەی ئێرانی گرتبۆوە بەهۆی نارەزایەتیەیکانی خەڵکی لە دژی ڕژێمی پەهلەوی، ڕەوشەکەی تا دەهات خراپتر دەکرد، هەروەها حیزبی تودە کەوتبووە دژایەتی شا و لای خۆشیەوە ئیرەج ئەسکەندەری سەرکردەی حیزبی تودە بابەتێکی لە ڕۆژنامەی(اومانتیە) کە ئۆرگانی حیزبی شیوعی فەرەنسا بوو بڵاوکردەوە، کە تیایدا پێویستی هاودەنگی هێزە شۆڕشگێڕەکان و یەکێتی (هێزە دیموکراتی و مەزهەبی)یەکان بوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران. شا لە دیداری ١٨ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ لەگەڵ هەریەك لە ولیام سۆلیڤانی باڵیۆزی ئەمریکا وئەنتۆنی پارسۆنزی باڵیۆزی فەرەنسا لە تاران باسی ئەم پرسەی کردو ووتی: ''بابەتەکەی ئیرەج ئەسکەندەری لە ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی شیوعی فەرەنسا هۆشدارییەکە، کە دەبێت بەجدی وەربگیرێت، ئەم بابەتە بەدڵنیاییەوە بەبێ ڕەزامەندی پێشتری مۆسکۆ نەنوسراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی حیزبی تودە دەچێتە مەیدانی جەنگ لە دژمان''. (طلوعی، ١٣٨٧: ٦٢) هەر هەمان ڕۆژ و دوای دەربڕینی نیگەرانییەکانی شا لەبەرامبەر هەڵوێست و دەستێوەردانەکانی یەکێتی سۆڤێت لە پشێویەکانی ئێران، ڕوسەکان بێدەنگی خۆیان لەبارەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئێران شکاند و برژنێفی سەرۆکی ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤێت لە یاداشتێکدا هۆشداری دایە ئێران لە دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە کاروبارەکانی ئێران( هەمان مصدر) دوای ئەوەی ڕەوشی ئێران بەتەواوی خراپ بوو، هیچ ئومێدێکی وەها بۆ باشبوونی ڕەوشەکە نەمابوو، هەر بۆیە ئەمریکییەکان گوێیان بۆ ئامۆژگارییەکانی فەرەنسا گرت، چونکە ئەوان زۆرباش لە پێکهاتە و سروشت و پێکهاتەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تێگەشتبوون، لەسەر داخوازی فەرەنسا ئەمریکا دەروازەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خومەینیدا کردەوە تاوەکو حکومەتێکی ئیسلامی بێتە سەرکار، کە بتوانێت ڕێگە لە مەترسی حزبی تودە و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤێت بگرێت لە ئێران.

(آبراهامیان:ل ٧٩٣-٧٩٤)، هەرچەندە ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی ببووە شتێکی حەتمی، کە چاوەڕوانکراو بوو لای هەریەکە لە یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکاش، لەم بارەیەوە پەروێز ثابتی بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوخۆی ساواك(١٩٧٣-١٩٧٨) ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی ١٩٧٧ دەزگای هەواڵگری C.I.A سەرلەشکرێکی هەڵاتوی یەکێتی سۆڤیەتیان هێنابووە ئێران تاوەکو ئەزموونی هەواڵگریی خۆی دەربارەی سۆڤیەتەکان و پەیوەندیان بە ئێرانیەکان بدات، زۆر بە ئاشکرا پێی وتبوون '' سۆڤیەتیەکان بەرنامەیەکی دە ساڵەیان هەیە بۆ ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران، کە دەبێت لەساڵی ١٩٧٩ بگاتە ئەنجام''.هەروەها پێشتریش محەمەد عەلی مەسعودی ئەندام پەرلەمانی ئێران لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ بە شای ڕاگەیاندبوو. کەوا جۆرج لامبراکسی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران پێی وتووە بە زوویی لە ئێران ڕژێمێکی نوێ دروست دەبێت''.( هاوار ، ٢٠١٥: ١٤٤).

دوای ئەوەی ڕەوشی ئێران بەتەواوی تێکچوو، شا دڵنیا بووەوە لەوەی، ناتوانێت لەڕێگای سوپا و هێزەوە بەر بە خۆپێشاندەران بگرێت و لەژێر فشاری ناوخۆ و ئەمریکا لەگەڵ خێزانی و کەس و کاری لە١٦ ی کانونی دووەم ١٩٧٩ لە ڕێگای فڕۆکەخانەی میهرئاباد ئێرانی بەرەو میسر بەجێهێشت. بە بیستنی ئەم هەواڵە خەڵکی ڕژانە سەر شەقام بۆ دەربڕینی خۆشی، کە دەمێك بوو چاوەڕێی بوون (شوكراس، ١٣٨٥:ل ٣٥-٣٦؛ طلوعی،١٣٧١: ٤١٣) ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٩ی کانونی دووەمی١٩٧٩ بە فڕۆکەیەکی فەڕەنسی گەشتەوە فڕۆکە خانەی میهرئاباد لە تاران، کە نزیکەی دەیان هەزار کەس لە تاران تاوەکو فڕۆکەخانە لە پێشوازیدا بوون بۆ گەڕانەوەی( بابایی، ١٣٨٤: ١٢٣؛ طلوعی، ١٣٧١: ٢٧٥).

لە ٥ی شوباتی ١٩٧٩ خومەینی یەکەم هەنگاوی وەك پێشەوای وڵات نا، بەدەرکردنی بەیاننامەیەك، کە تێیدا فەرمانی دا بە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی محەمەد مەهدی بازرگان وەك حکومەتێکی شەرعی لە ئێراندا (هاوار، ٢٠١٣: ٢٣٤)، هەرچەندە شاپور بەختیار پێشتر حکومەتی پێکهێنابوو، بەڵام چونکە ڕاسپێردراوی شا بوو خومەینی حکومەتەکەی بە شەرعی نەزانیی و دوای ململانێ و ئاڕاستە دژەکان لەبەرامبەری، لە ئێران هەڵات.

بەمجۆرە خومەینی و ئاخوندەکان توانییان بەرهەمی شۆڕش بۆخۆیان دەسەبەر بکەن، چونکە ئاخوندەکان لە بنەڕەتدا پشتیوانی قوڵ و فراوانی خەڵکی ئاسایی ئێرانیان هەبوو، هەروەها لەگەڵ زیادبوونی گەندەڵی ڕژێمی شا دەسەڵاتی مەعنەوی ئاخوندەکان زیاتر دەبوو. ئەمە جگە لەوەی ئاخوندەکانی ئێران لەهەر گروپێکی دیکە زیاتر ئامادە بوون بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی، خومەینی بایەخی نەدەدا بە بیروبۆچون و ئایدۆلۆجیای ئەو گروپ و پارتانەی هاوکارییان دەکرد لەوەی کۆمۆنیستن یان بێباوەڕن یاخود لیبراڵ گرنگ ئەوە بوو هاوڕابن لەگەڵی بۆ ڕوخاندنی شا (هاوار، ٢٠١٦ :ل ٧١٦-٧١٧).

حیزبی تودە سەرەڕای کەمی ئەندامانی، بەگرنگترین و سەرەکیترین گروپی مارکسی دادەنرا، ئەمەش لەبەر پشتیوانیان نەبوو لەلایەن مۆسکۆ بە تەنها، بەڵکو ئەم حیزبە بە داهێنەری

ئایدۆلۆژیای هەموو مارکسییەکانی ئێران دادەنرا، سەرکردایەتی حیزبی توده شۆڕشی ئیسلامی بەشۆڕشی دژە ئیمپریالیزم دەزانی و بە پێشەنگی دادەنا بۆ شۆڕشێکی کۆمۆنیستی لە ئێراندا ( میلانی، ۱۳۸۱: ۳٤۲).

نورەدین کیانوری سکرتێری یەکەمی حیزبی توده لە ئێران لەم قۆناغەدا پێی وابوو، ڕێبەرایەتی ئاخوندی مەزهەبی نوێنەری ڕاستەقینەی زەحمەتکێشان و بۆرجوازی شار و سەرمایەدارە بچوك و ناوەندییەکانن هەوڵەکانی ئەوان بۆ ڕاوەدونان و دەستگیرکردنی لایەنگرانی ڕژێمی پەهلەوی و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵیان لەگەڵ بانگەوازیان بۆ ڕزگارکردنی ژێردەستەکانی جیهان و خەباتکردن لەدژی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەلماندنی ئەو دیدە بەسە (نورالدین، ۱۳۵۸:ل ۲٤۹-۲۵۰). نورەدین کیانوری لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفیزۆنی هەنگاریا ستایشی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد و خومەینی وەك ڕێبەری ئاینی ئێران و یەکێك لەدیارترین کەسایەتیەکانی دژی ئیمپریالیزم لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا وەسفکرد، ئەوەی خستەڕوو هەڵوێستەکانی ئایەتوڵڵا پێشکەوتووخوازانەن و هیچ دژایەتیەکیان نییە لەگەڵ هەڵوێستەکانی حیزب کۆمۆنیستی ئێران، زیاترلەمە ئەوەی ڕاگەیاند، کە هیچ بەڵێنێکی دیاریکراو بە حیزبی توده نەگەشتووە لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی، بەڵام دڵنیاییدا، کە کۆمۆنیستەکان دەتوانن بەئازادی لە ئێراندا کار بکەن. نورەدین کیانوری مەهدی بازرگانی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێراوی ئایەتوڵڵا خومەینی بە نیشتیمان پەروەرێکی باش وەسفکرد. (اطلاعات، ۱۳۵۷۹)، هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی دیکەشیدا دەڵێت: '' زۆر دڵخۆشین بەسەرکەوتنی شۆڕش، ئێمە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە بەبەرهەمی سەرجەم چین و توێژەکانی ئێران دەزانین، پێویستە ئاماژە بدەین بە ڕۆڵی گەورەی ئیمام خومەینی، کە ناوبراو لە ساتە ناسکەکاندا بۆئەوەی ئاڕاستەیەکی دروست بە شۆڕش بدرێت ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەی گێڕاوە لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە ئایەتوڵڵا خومەینی ناوی بۆ هەمیشە لە مێژووی جیهاندا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە، لەتەواوی بەیاننامەو ڕاگەیاندنەکانیشماندا پشگیری تەواومان کردووە و وتومانە بۆ ڕیشەکێشکردنی زوڵم و نادادییەکانی ڕژێمی لەناوچوو و ئیمپریالیزم، بۆ بەدیهێنانی ئازادی و باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی کاریزمایە''. (مردم، ۱۳۵۸: ۳۹).

لای خۆیەوە محەمەد مەهدی بازرگان سەرۆکی حکومەتی کاتی لەسەرەتای دەسەڵاتیدا لە شوباتی ۱۹۷۹ بە پەیامنێری نیویۆرك تایمزی ڕاگەیاندبوو، کە ئازادی کاری سیاسی بەهەمووان دراوە و لە نێویشیاندا گروپە چەپەکان لەسەر شانۆی سیاسی ڕۆڵ و پێگەیان پێدراوە و مۆڵەتیان هەیە حیزب و ڕێکخراو دابمەزرێنن، لەگەڵ ئەمەشدا هۆشدارییدا لەوەی گەر پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان بیانەوێت ئاژاوە و پشێوی دروستبکەن لە ئێراندا، ئەوا حکومەت بێدەنگ نابێت و بەتوندی تێکیان دەشکێنێت، هاوسۆزی حکومەتی ئێرانی بۆ ئەمریکا دەربڕی سەبارەت بە پەلاماردانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ١٤ی شوبات لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە (اطلاعات: ۱۳۵۷). بەسەرکەوتنی شۆڕش و ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی کەشێکی ئازاد لەئێراندا هاتە کایە، سەرکردە و کادرە ئاوارەکانی حیزبی توده، کە لە ئەوروپای خۆرهەڵات بوون دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ ڕەخسا، کاتێك گەڕانەوە تەنیا ڕێکخراوێکی بچوکی نهێنی لەتاران هەبوو بەناوی(نوید) لەلایەن ''محەمەد مەهدی پەرتەوی و ڕەحمان هاتفی''یەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە یەکێك بوو لە شانە نهێنییەکانی حیزبی توده لەناو ئێراندا، لە لوتکەی شۆڕشی ئێراندا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەم حیزبەدا چالاکییان بەنهێنی ئەنجامدەدا، ئەگەرچی خاوەن دەسترۆیشتویی و جەماوەرێکی فراوان نەبوون، هەربۆیە زوو ڕێبەرانی ئەم حیزبە کەوتنەخۆ و سەرلەنوێ بەشێوازێکی نهێنی و ئاشکرا شانە و چالاکییە ڕێکخراوەیی و حیزبییەکانیان خستەوە کار لەناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا و هەوڵبدەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن (نورالدین، ۱۳۵۸:ل ۲۷٤-۲۷۵)

حیزبی توده گەشتبووە ئەو باوەڕەی شۆڕشی ئێران کۆتایی بە شێوازە کلاسیکە باوەکەی شۆڕش هێناوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە شۆڕشەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕەنگی دابوەوە، هەروەها شۆڕشی ئێرانی بەبەشێك لە بەردەوامیەتی شۆڕشە جیهانیەکان دابووە قەڵەم، کە بەرهەمی پێگەشتنی بزوتنەوەیەکی گەشەسەندوی کرێکارییە و تازە لە جیهانی سێیەمدا پشکوتووە، مادام شۆڕشەکە لەسەر خەبات دژی سیستمی سەرمایەداری جیهانی و بەگژداچوونەوەی داگیرکارییە، کەواتە پشتگیریکردنی بۆتە ئەرك لە پێناو جێگیرکردنی سیستمێکی سیاسی هاوچەرخ، کە ئاشتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری ئابووری بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەسەبەر بکات لە ئێراندا (طبری، ۱۳۸۵: ۲۷۲)، هەر لەمرووەوە ڕۆژنامەی ئیتلاعات گەڕانەوەی نورەدین کیانوری بۆ ئێران ڕاگەیاند، کە ناوبراو لە ٢٤ پوشپەڕ گەیشتۆتەوە تاران و لەلایەن ئەندامانی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەوە پێشوازی لێکراوە ئەمەش بە ئاماژەدان بۆ بەیاننامەیەکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توده بوو، کە تێیدا هاتبوو: ''کیانوری دوای سی ساڵ لەچالاکی نهێنی و زیندانی و ئاوارەیی سیاسی لەسەردەمی ڕژێمی لەناوچوو ئێستاش چالاکیەکانی لە هەلومەرجی سەرکەوتنی شۆڕشدا دژی ئیمپریالیستی، پرۆسەی دیموکراتی گەلی ئێران لەو وڵاتە دەسپێدەکاتەوە (اطلاعات: ۱۳۵۸) بەگەشتنەوەی بۆ ئێران نورەدین کیانوری دەستبەجێ داوای لە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توده کرد، کە پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئاینی بکەن، ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەرنامەی ئایەتوڵڵا خومەینی لەلای حیزبی توده وەك یەکەم هەنگاوی شۆڕش قبوڵکراوە. (استمپل، ۱۳۷۷: ۸٤).

لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتی حیزبی توده شۆڕشی ئیسلامی بە شۆڕشی دژە ئیمپریالیزم دابووە قەڵەم، بە پێشەنگێکی دادەنا بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە ئێراندا، هەربۆیە پشتیوانییەکانی لە کۆماری ئیسلامی پاساوی تیۆری و تاکتیکی هەبوو، لە ڕوانگەی تیۆرییەوە حیزبی توده ئێرانی شۆڕشگێڕی بە لەرزین لە نێوان بلۆکی ئیمپریالیستی و سۆسیالستیدا دەزانی، پایەی سەرەکی ستراتیجی حیزبی توده لە ئێرانی شۆڕشگێڕیدا بریتی بوو لە پشتیوانی بێ مەرج لە ئایەتوڵڵا خومەینی، چونکە هەردووکیان لەگەڵ لەناوبردنی تەواوەتی ڕژێمی پەهلەوی و پەرەپێدانی بنەما یەکسانییەکان و پشتبەستن بە پشتیوانی جەماوەری کرێکار و

دژایەتی ئیمپریالیزم بوون، ڕەوتی ئاینی و کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی تاکتیکی جیاوازییە قوڵەکانی خۆیان پشتگوێ خست. لەمڕووەوە پشتیوانی تودە لە ئایەتوڵڵا خومەینی پێوەرێکی تاکتیکی و کاتی بوو، بێ ئەندازە ستایشی خومەینی دەکرد و بانگەشەی ئەوەشی دەکرد، کە پاڵپشتییەکانیان بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی ستراتیجی و دڵسۆزانەیە نەك تاکتیکی و فریودەرانە (میلانی، ١٣٨١:ل ٢٤٣-٢٤٤)، هەروەها تودە ڕایگەیاند: "ئەگەر ئیسلام ڕەنگدانەوەی داواکارییەکانی خەباتی دژە ئیمپریالیستی جەماوەری زەحمەتکێشی موسوڵمان بێت، ئەوا هیچ دژایەتییەك نامێنێت و تودە ستەمدیدەکان دەتوانن تودەیی و موسوڵمان بن، لە حیزبی ئێمەدا موسوڵمانانی باوەڕدار هەبوون و دەبن، هەرگیز لە بەرنامەو سیاسەتی حیزبی تودەدا جیاکاری نییە، لەبەرئەوە ئێمە لەبزوتنەوەی شۆڕشی دژە ئیمپریالیزمیدا بۆ دروستکردنی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان سنور لە نێوان مەزهەبی و نا مەزهەبی، موسوڵمان و ناموسوڵماندا سنور دانانێین، هەر کەس و لایەنێکیش بیەوێت سنوری وەها دروستبکات، ئەوا دابەشکار و دژە شۆڕشە، هەر بۆیە ئێمە دەنگ بە کۆماری ئیسلامی دەدەین" (مردم، ١٣٥٧: ٥) ئەمە بەڕوونی لایەنگیری و پشتیوانی باڵی ئاینی ئێران بوو بەڕێبەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی لەلایەن حیزبی تودەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوە.

بڵاوکردنەوەی پیرۆزبایی خومەینی لە جەژنی کرێکاران تودەی خستەسەر ئەو بۆچوونەی، کە ئیمام خومەینی نوێنەری زەحمەتکێشانە و خەونی چەند دەیەی مافە کرێکارییەکان لەسەر دەستی ئەودا دێتە دی. (ژیلوان، ٢٠١٧: ١٦٠) بۆنمونە نورەدین کیانوری باوەڕی هێنابوو بە ئازادییەکی ڕەهای سیاسی، کە خومەینی لە ئێراندا دەتوانێت فەراهەمی بکات بۆ سەرجەم ڕەنگە جیاوازەکان، لەم بارەیەوە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، لە ڕۆژنامەی مەردوم وتی: "ئێمە زۆر خۆشحاڵین، کە ئایەتوڵڵا خومەینی هەموو ئازادییەکانی وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە ئازادییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێت و جەخت دەکاتەوە، کە ئەم ئازادییانە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا جێگیر دەکات".(مردم، ١٣٥٨: ٩).مەهدی بازرگان لە چاوپێکەوتنێکی دیکەی لەگەڵ تەلەفیزۆنی فەرەنسادا لەبارەی حیزبی تودەوە ووتی: " دڵسۆز و ئەندامانی حیزبی تودە لەلایەن جەماوەر و شۆڕشەوە لە بیر ناکرێن، وەکو سەرکردەکانی دیکە جێگەی خۆیان دەبێت" .(اطلاعات: ١٣٥٧)

حیزبی تودە بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا ڕایگەیاند، کە دەنگ بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەدەین، لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە: "هاونیشتیمانان حیزبی تودەی ئێران بەرنامەی خۆی سەبارەت بە پێویستی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەئاراستەی چەسپاندنی سەربەخۆیی نەتەوەیی، دیموکراسی، تەندروستی و ئابوری وڵات، خۆشگوزەرانی گشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو، ئێمە ماوەیەکی زۆرە بۆچوونی خۆمان دەربڕیوە سەبارەت بە زەرورەتی دامەزراندنی کۆمار لەسەر بنەمای سیاسەتی خۆمان، لەمەسەلەی پرسی کۆماری و پاشایەتیدا ئێمە لەبەرژەوەندی کۆماری دەنگ دەدەین، سەبارەت بەناوی ئەم کۆمارە بەهەمان ناوی کۆماری ئیسلامی، کە بەڕێزەوە ئایەتوڵڵا خومەینی دایناوە دەنگ دەدەین، چونکە بەر لەهەموو شتێك کرۆکی مەسەلەکە ناوەڕۆکی سیاسەتی حکومەتە، خەڵکی خەباتکاری ئێران دەبێت هەڵبدەن دەستوری نوێ لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا، سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئاشتی، دیموکراسی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتی دابڕێژن، هەروەها پاراستنی یەکڕیزی بیروڕاو وتەی هەموو هێزە نەتەوەیی و دیموکراسیەکان لەم بارودۆخەی ئێستادا بابەتێکی گرنگە، داوا لە هاوڵاتیانی ئازیز دەکەین لە ڕیفراندۆمی داهاتوودا دەنگ بەکۆماری ئیسلامی ئێران بدەن." (اطلاعات: ١٣٥٧)، لە چاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕۆیتەرز، نورەدین کیانوری لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی ناوبراودا، کە لێی دەپرسێت ئایا یەکێتی سۆڤێت نابێتە هەڕەشە و مەترسی بۆسەر شۆڕش؟ لەوەڵامدا دەڵێت: " یەکێتی سۆڤیەت و تەواوی وڵاتە سۆسیالیستەکانی دنیا هەرگیزاو هەرگیز دژی ئەو شۆڕشانە نین، کە لەدژی ئیمپریالیزمن، بەڵکو هاوکار و پشتیوانن، بەدڵنیاییەوە پشتیوانی شۆڕش و کۆماری ئێرانیش دەبن، کیانوری ڕۆحانیەکان و دەسەڵاتی ئاینی بە دوژمنی حیزبەکەی نازانێت و ئاماژە بەوە دەکات وەك حیزبی تودە ڕەوتی ئاینیش لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو پەیڕەوکارانیان لەسێدارە دراون، ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەندامانی حیزبی تودە لە ژێر ناوی "پارتیزانە تودەییەکان" لە شەقامەکان جەنگاون و گیانیان بەختکردووە زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی سیاسی دیکەی ئێران".(مردم، ١٣٥٨: ٨). بەمشێوەیە بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکاندا تودە خۆی بە ڕەگەزێکی بنیادنەری کۆماری ئیسلامی و هاوپشتیوانی دەسەڵاتی ئیسلامی دەدایە قەڵەم، ئەم لایەنگری و پشتیوانیانەی نورەدین کیانوری بۆ باڵی ئاینی توندڕەو، کە بێ ئەندازە بە شان و باڵی ئایەتوڵڵا خومەینی هەڵدەدا و لەڕیزی پێشەوەی خەتی ئیمام خۆی دەنواند، ئەو بیرەی لای(د.کریم سنجابی) دروستکرد بوو ناوی ئایەتوڵڵا کیانوری بەسەردا ببڕێت.(سنجابی، ١٣٦٨: ٣٧٠)

حیزبی تودە پێی وابوو دەتوانن سود لە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی وەربگرن و دەنگبدەن بەیاسا بنچینەییەکانی ئەم کۆمارە تاوەکو بەو هۆیەوە ڕێگای بەردەمییان ڕۆشنبێتەوە و بەرچاو ڕوونبن، لەم ڕووەوە ئەمەی بەئەرکی ئەخلاقی هەر ڕێکخستنێکی کۆمۆنیستی دابووە قەڵەم، کە ئەرکە لەسەر شانی لەدژی ئیمپریالیزم تێبکۆشێت و دژایەتییان بکات (مردم، ١٣٥٨: ١) نورەدین کیانوری لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الانباء)ی کوەیتی ڕایگەیاند، کە زۆرێك لەو گرێبەستانەی نێوان ئەمریکا و ئێران کەهەیە لەسەردەمی شای لەسەر کار لادراو ئەنجامدراون هێشتا هەڵنەوەشاونەتەوە، پێویستە دەوڵەت بەپەلە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان بدات، هەروەها نیگەرانی خۆی لەدەستتێوەردانەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەربڕی لە دروستکردنی پشێوی کەمینەکان لە ئێران، ئاماژە بەوەدەدات لەبەرئەوەی ئەمریکاو بەریتانیا، بەرژەوەندییە ناشەرعیەکانیان لەدەستدەدەن لە ئێراندا، هەربۆیە هانی کەمینە دووڕووەکان دەدەن، ڕایگەیاند بۆ کێشەی کەمینەکان چارەسەرێکی دیموکراتی پێیە، کە لەچوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و سەربەخۆدا دەبێتە هۆی سەربەخۆیی فەرهەنگی کەمینەکان، باسی لەوەش کرد حیزبی تودە دژی ئەو یاخیبوونانەن، کە داگیرکەران لەناوچە جیاجیاکانی

وڵاتدا هەوڵی هاندانی دەدەن، کیانوری ڕایگەیاند: " هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیدا نییە، بەڵام نەبوونی ئەم پەیوەندییە هیچ کاریگەری لەسەر پشتیوانی سیاسی حیزبی تودە بۆ ناوبراو نییە" (اطلاعات: ١٣٥٨)، هەروەها سەبارەت بەدادگاکانی شۆڕش بەڕوونی ئەوەی دوپاتکردەوە، کە ئەو دادگایانە شۆڕشیان سەربەرز کرد و سەرچاوەی هاوارەکانی ڕۆژئاوان لەدژی ئەم حکومەتە شۆڕشگێرەی لە ئێراندا هەیە، بێگومان خۆشحاڵ دەبین ئەگەر ئەو دانوستانانەی لەم دادگایانەدا ئەنجام دەدرێت بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێن." بەڕوونی ئەوەی خستەڕوو، کە سوپای وڵاتانی کۆڵۆنیالیست تەنها بۆ بەرژەوەندی کۆڵۆنیالیستی خۆیان دروستبوون و بە پێویستی زانی بەزوترین کات وەدەربنرێن لە ئێران و ناوچەکە (نخعی و یکتا، ١٣٧٥:ل ٦٦٦-٦٦٧).

ئەوکاتانەش، کە دادگاکانی شۆڕش جۆرە خاوبوونەوەیەکی بەخۆوە بدیایە، حیزبی تودە دەهاتە دەنگ، لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: "حیزبی تودە لەسۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خەڵکی ئێران هۆشداری دەدات، کە خاوکردنەوەی کاری دادگاکان بە واتای تیژکردنەوەی تیغی دژە شۆڕشەکان دێت، ئێمە لەگەڵ سزادان لەدەرەوەی دادگاکان نین و کەس تاوانبار ناکەین، بەڵکو پێمانوایە دەبێت چالاکی دادگاکانی شۆڕش بەردەوام بێت تاوەکو ئیمپریالیزم و پاشماوەکانی ڕژێمی پەهلەوی بەتەواوەتی بنبڕ دەبێت".(مردم، ١٣٥٨: ٢).

**تەوەری سێیەم:- حیزبی تودە لەسایەی حکومەتی ئاینی ئێراندا(١٩٨٠-١٩٨٣)**

لەدوای ئەو هەموو بانگەشەی پشتگیرییەی حیزبی تودە بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران کردی، بەڵام بارودۆخەکە دواتر خراپ بەسەریدا شکایەوە، کە تێکڕای ڕێبەران و ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە لە سزاکانی کۆماری ئیسلامی دەربازیان نەبوو، بەخودی کیانوری سەرکردەشەوە، هەربۆیە زۆرێك لە مێژوونوسان ناوی سەمای مەرگیان لەم قۆناغەی حیزبی تودە ناوە، چونکە حیزبەکەش یاساخ کرا و ئەوانەشی سزا دران زۆرینەیان سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنرا.

حیزبی تودە تاوەکو سەرکەوتنی شۆڕش لە ١٩٧٩ بەهێزێکی ئایدۆلۆجی بەهێز هەژمار دەکرا، بەڵام پشتیوانیەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی بووە هۆی دووبەرەکی و سەرلێشێواوی لای چەپەکان، ئازادی و چالاکییەکانی حیزبی تودە لە ئێران وەك بەڵگەیەك بۆ نیشاندانی لێبوردەیی و قبوڵکردنی فرەیی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕاڤەدەکرا کە بێگومان لەبەرژەوەندی ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕەوتی ئایینی شکایەوە، حیزبی تودە وەك بەشێك لە حیزبەکانی دیکە بەشدارییان کردبوو لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕۆژنامەی بڵاودەکردەوە و بازنەی هەڵبژاردنەکەی فراوانتر دەکرد. (میلانی، ١٣٨١: ٣٤٤)، ئەم حیزبە تاوەکو ئابی ١٩٧٩، کە باس لەدەستوری نوێی ئێران کرا پشتیوانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەکرد، دوای ئەوە هەڵوێستێکی لەنێوان خومەینی و فیدائیەکان هەڵبژارد، هەرچەندە فیدائیەکان متمانەی تەواویان بە حیزبی تودە نەبوو بە حیزبێکی سەر بە مۆسکۆیان دەزانی، هەروەها تودە لە چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی(١٩٧٧-١٩٧٨) ڕۆڵێکی لاوازی هەبوو، لە هاوین و پایزی ١٩٧٩ ڕۆڵێکی پەراوێزخراوی هەبوو، لەسەردەمی شۆڕشیشدا زیاتر پەیڕەوکار بوو تاوەکو ڕێبەریکردنی شەقام لەدژی شا (استمپل، ١٣٧٧: ٨٤) ، هەروەها حیزبی تودە لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئاشکرایکرد لە پێناو پشتیوانی لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و خەبات بۆ سەقامگیری و فراوانکردنی پشتیوانییەکان لەسەرکردایەتی ئیمام خومەینی، ئامادەیی خۆی بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و گروپە سیاسییەکان ڕادەگەیەنێت، هەر لەمڕووەوە ئامادەیە هاوکاری تەواوی خۆی بۆ دانانی دەستورێك، کە شیاوی شۆڕشی ئێران بێت بخاتە گەڕ (مردم، ١٣٥٨: ٣) تودە وەك هەموو هێزەکانی دیکە خۆی خستە بەرەی خومەینیەوە، و پێکهێنانی ئەنجومەنی شۆڕشی پەسەند کرد، هەروەك داوای لە خەڵکی ئێران کرد، کە بەشداریی ڕیفراندۆم بکەن بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، کە لەسەر بنەمای (ویلایەتی فەقیە) دامەزرا، تاکتیکی سیاسەتی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی پەرگیری ئایینی ئێران وایکرد، کە حیزبی تودە پشتیوانی لە حکومەتی ئیسلامی بکات، ئەگەرچی حیزبی تودە لە ڕوخاندنی حکومەتەکەی مەهدی بازرگان هاوکاری گەورەی پێشکەش بە ڕۆحانییە دەسەڵاتدارەکان کردووە لەسەرکوتکردنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، بەڵام خومەینی هۆشیاری لەوە زیاتر بوو کە بکەوێتە داوی حیزبی تودە و ئەو حیزبە بتوانێت حکومەتی ئێران، کە تازە لە هەژموونی ئیمپریالیزمەوە دروست ببوو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیی و کاریگەریی ئیمپریالیزمێکی دیکە، کە مەبەست لێی یەکێتی سۆڤیێت بوو. (فروتن، ١٣٩٢) شیاوی باسە حیزبی تودە لە نێوان ساڵانی(١٩٧٨-١٩٨٢) دوچاری ناکۆکی ناوخۆیی هاتبوو لە نێوان هەردوو باڵی نورەدین کیانوری و باڵی ئیرەج ئەسکەندەری(حمید صفری و حسین جودت...هتد)، باڵی کیانوری لایەنگری سیاسەتی بەرگری لە دیموکراسی شۆڕشگێرانە دەکرد، بەڵام ئیرەج ئەسکەندەری و هاوبیرەکانی لایەنگری سیاسەتی لیبراڵی بوون، ئەم ناکۆکیە لە بەرژەوەندی نورەدین کیانوری کۆتایی هات لە کۆنگرەی حەڤدەهەم بە دورخستنەوەی ئیرەج ئەسکەندەری لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب. (جمعی از پژوهشگران، ١٣٨٧: ٢٤٥)

حیزبی تودە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش ڕایگەیاند، کە هەوڵ و پیلانگێری زۆر هەیە بۆ لەناوبردنی ئەم شۆڕشە لەلایەن ناحەزان و دژە شۆڕشەکانەوە، بەڵام خراپترینیان ئەو هەوڵانەیە بۆ لاوازکردنی کەسێتی ڕابەری شۆڕش ئیمام خومەینی دەدرێت، کە بەچەند ڕێگەو شێوازی جۆراوجۆر دەیانەوێت پێگەی ناوبراو لاواز بکەن لەوانەش: غافڵکوژکردنی لایەنگران و هاوڕێیانی ئیمام، هێرشکردنە سەر کۆمیتەکانی شۆڕش و دادگاکانی شۆڕش، تێکدانی ڕێنموونی و بڕیارەکانی ئیمام خومەینی لەکاتی جێبەجێکردنییاندا. هەربۆیە لەبەرامبەر پیلانگێری دژە شۆڕشەکان بۆ لاوازکردنی ڕابەری شۆڕش ئەرکی هەموو هێزەکانی شۆڕشە بەرگریی لە هەڵوێست و پرەنسیبەکانی ئیمام خومەینی بکەن، حیزبی تودە هەروەک چۆن تاوەکو ئێستا لە پشت هەڵوێست و پرەنسیبەکانی ئیمام وەستاوە، لە ئایندەشدا بەوشێوەیە تەواوی هێزەکانی خۆی بۆ پێشخستنی ئەم

هەڵوێست و پرەنسیبانە بەکار دەهێنێت.( مردم، ١٣٥٨:ل ١،٤)

حیزبی توده ڕایگەیاند، کۆمیتەکانی پاکسازی، کە لەلایەن خودی ئیمام خومەینی دامەزراون لەبەرژەوەندی شۆڕشە و ئەم کۆمیتانە چاوە تیژبینەکانی ئیمام خومەینین بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی هەر چالاکیەکە، کە لە دژی شۆڕش و دەستکەوتەکانی بێت، هەربۆیە ئێمە پشتیوانین (مردم، ١٣٥٨: ٨)، هەروەها لەبارەی دادگاکانی شۆڕشەوە دەڵێت: "دەسەڵاتدارانی ڕژێمی لەناوچوو لەدژی ڕیشەکێشکردنەکانی دادگاکانی شۆڕشن، هەرچەندە ئەمریکاش لەمانگەکانی کۆتایی شۆڕش هەوڵی زۆریاندا کۆتایی بەم شۆڕشە گەورەیە لە ئێران بێنن و نەیانتوانی، بەڵام ڕژێمی لەناوچوو هەمیشە هەوڵی گەڕانەوە دەدات و هێزەکانی لەدوای لەناوچوونیشی هێشتا لەبەرامبەر شۆڕش بەرگری دەکەن، هەربۆیە شۆڕش بە ڕوخانی ڕژێمی دەسەڵاتدار کۆتایی نایەت، بەڵکو دەسپێدەکات، شۆڕشی سەرکەوتوو دەبێت دەسەڵاتی ڕوخاو بەتەواوی سەرکوتبکات و ڕەگوڕیشەی هەڵکەنێت، شۆڕشی سەرکەوتوو دەبێت کەشێکی وەها شۆڕشگێڕانە دروستبکات، کە دژە شۆڕش نەوێرێت دەنگ هەڵبڕێت." (مردم، ١٣٥٨: ١) ئەم پشتیوانی و هاوسۆزیبیانەی حیزبی توده بۆ دادگاکانی شۆڕش لەکاتێکدا بوو، کە زۆرینەی هێز و لایەنەکان بە خودی زۆرینەی ئێرانیەکانیشەوە لەدژی ئەو بێدادییەی دادگاکانی شۆڕش نارەزایەتیان دەردەبڕی، کەچی دواتر هەر دادگاکانی شۆڕش کۆتایی بە حیزبی توده هێنا لەو کۆمارەی، کە توده پشتیوانی دامەزراندنی کرد تاوەکو هەنوکە یاساخە لەو وڵاتە.

حیزبی توده بەردەوام هاوسۆزبی و لایەنگری یەکێتی سۆڤێت بووە، لەم بارەیەوە ڕایگەیاندبوو: "سۆڤییەت هەمیشە لایەنگری خەڵکی ئێرانی کردووە لە تێکۆشان و بزوتنەوەکانیان بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی باشتر، ئەو وڵاتە پشتگیری یەکلاکەرەوەی لە شۆڕش کردووە"، هەروەها لەبارەی دەستێوەردانەکان لە کاروباری ناوخۆی ئێران هۆشداری داوە، بێگومان خودی خۆی دەستێوەردانی لەو بابەتەدا نەکردووە و تاوەکو ئێستا ئارەزوویەکی وەهای نەبووە، کە ئەمەش لەگەڵ سروشتی ئاشتیخوازانەی ئەم وڵاتەدا دەگونجێت، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران سۆڤییەت ئامادەیە بەوپەڕی توانای خۆی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئێران و سۆڤییەت تێبکۆشێت. (مردم، ١٣٥٢: ٦)، ئەم گوتارو هەڵوێستانەی توده بۆ سۆڤییەت هەمیشە جێگای گومان و بێ متمانەیی حیزبی ناوبراو بوو لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و زۆرێك لە هێزەکانی دیکەی ئێران چ لە ناوخۆ و چ لەدەرەوە، کە هەر ئەم هۆکارەش وای لە ئەمریکا و بەریتانیا کرد لە پێناو ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتت لە ئێران، ناوی سەرکردە و ئەندامانی ئەم حیزبە بەتۆمەتی سیخوڕی بۆیەکێتی سۆڤێت بداتە حکومەتی ئێران.

دوای ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی خومەینی ١٩٧٩. دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و ئەمریکا بە پێدانی زانیاری هاوکاری ئێرانیان کردووە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان سەرکوت بکات، بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی سەبە دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا(MI6) هەریەك لەدەزگا هەواڵگرییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لەدوای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن خومەینی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ئەو دوو دەزگایە زانیارییان بە دەسەڵاتی خومەینی داوە و ئەوانیش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە گەورە بەرپرسانی حیزبی تودەیان لە سێدارە داوە ( کوزیچکین، ١٣٧١) لەدوای هەڵمەتی خومەینی دژی حیزبی توده، ئەمریکا زانیاری تەواوی دایە ئێران لە ڕێگای C.I.A و دەربارەی دەسەنەکانی سەربە سۆڤییەت و یارمەتیدەرەکانیان لە حیزبی توده لەناو دام و دەزگاکانی ئێران، ئامانج لەم کارەی ئەمریکا کەمکردنەوەی فشاری سۆڤییەت بوو لەسەر سعودییە و کوەیت و وڵاتانی دیکەی کەنداو(هاوار، ٢٠١٩: ١٤٥) بەریتانیاش هەوڵیداوە لایەنگری ڕژێمی نوێی ئەوکاتەی ئێران بەدەستبێنێت و بیر لەو مەترسییانەی سەردەمی جەنگی سارد نەکاتەوە، کە تایبەت بوون بە جوگرافیا و سیاسەتی ئەو جەنگە و جڵەوی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کات لە ئێران لەسەر ئەو بنەمایە زانیاری لەسەر حیزبی توده داوە بە بەرپرسانی تاران.( کوزیچکین، ١٣٧١) ، ئەو زانیاریانە بۆ ئەمریکا پڕ بایەخ و گرنگبوون، لەوەوە بەدەستهات، کە لە پایزی ١٩٨٢ ئەفسەرێکی گەورە لە هەواڵگری ڕوسی کە لەتاران بوو بەناوی فلادیمێر کوزیچکین هەڵات بۆ باڵێۆزخانەی بەریتانیا لەوێ بەڵگەنامەی گرنگی سەبارەت بە چالاکی سیخوڕی سۆڤییەت(K.G.B) و پەیوەندی مۆسکۆ بە حیزبی تودەوە دا بەدەستەوە، کە دەزگای هەواڵگری بەریتانیاش لەو بەڵگەنامانەدا دەزگای سیخوڕی ئەمریکای هاوبەشی پێکرد و لیستێك ناویان بەناوی دەیان سیخوڕی سۆڤییەت و ئەندامانی حیزبی تودەی ئێرانی لایەنگری سۆڤییەت دا بە C.I.A، ولیام کەیسی سەرۆکی C.I.A فەرمانی کرد ئەو لیستە بە نهێنی بۆ تاران لەڕێگەی ئێرانییە دورخراوەکانەوە بنێرێت. (هاوار، ٢٠١٩: ١٤٥)

دوای ئەوەی مۆسکۆ لە ١٩٨٣داوای لە ئێران کردبوو، کە کۆتایی بە جەنگ بێنێت لەگەڵ عێراق و پەیمانی(ئاشتی شکۆمەندانە) لەگەڵ ئەو وڵاتە ببەستێت، بەڵام ئێران بەتوندی ڕەتی کردەوە، ڕەخنەکانی توده لە ڕەتکردنەوەی ئیمزاکردنی پەیماننامەی ناوبراو لەلایەك، هەروەها پشتگیری بێ مەرجی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سوپای سۆڤێتی پاساوی زیاتری بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروستکرد، دواجار هێزە پارێزگارەکان لە کۆماری ئیسلامی فشاریان خستەسەر حکومەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبی توده( میلانی، ١٣٨١: ٣٤٥)، ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٤ی ئابی ١٩٨٣ ئەو زانیارییانەی بۆ دەستگیرکردنی نزیکەی (٢٠٠) ئەندامی حیزبی توده بەتۆمەتی سیخوڕی بۆیەکێتی سۆڤێت بەکارهێنا، نێوەندگیری توده لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت عەباس زەمانی بوو، کە لەژێر ناوی(ئەبو شەریف) چالاکی ئەنجام دەدا، زەمانی باڵێۆزی پێشوی ئێران بوو لە پاکستان و لەئێران بریکاری بەڕێوەبەری هەواڵگری بوو، ئەو هەڵمەتە بووە هۆی دەرکردنی ژمارەیەك دیپلۆماتکاری سۆڤێتی لەئێران و لەسێدارەدانی (٢٠٠) ئەندام و ڕێبەری حیزبی توده و زیندانیکردنی ژمارەیەك لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە، ولیام کەیسی پێشوازی لەم هەنگاوە کرد لەبەر ترسی زاڵبوونی باڵادەستی کۆمۆنیزم لەدەسەڵاتی ئێراندا. (هاوار، ٢٠١٩: ١٤٦)

جگەلەوەی زیاتر لە (٧٣) کەسی لە ئەندامانی ئەو حیزبە، کە (١٤) کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و، (٩) بەرپرسی پلەدار لە هێزە چەکدارەکان بوون، هەروەها چەندین کەس لەوانە تۆمەتبار کران بە سیخوڕی بۆ سۆڤیێت، هەریەك لە ئیحسان تەبەری ونورەدین کیانوری زیندانی کران، (٩) ئەفسەری سوپا لەوانە ئەمیر ئەفزاڵی فەرماندەی هێزە دەریاییەکان بەپەلە دادگایی کران لە تەلەفیزۆنی فەرمی وڵاتی ئێرانەوە نیشاندران، شکستێکی گەورەیان بۆ مارکسییەکان نیشاندا. (میلانی، ١٣٨١: ٣٤٥)، لەم دادگایی کردنەی لایەنگران و ئەندامانی حیزبی تودەدا، چەندین دانپێدانان لەلایەن ئەندام و سەرکردەکانی حیزبی ناوبراو تۆمارکرا، ئەندامانی حیزبی ناوبراو دانیاننا بەچەند خیانەت و کردەوەیەکی دژە وڵات لەوانە: لە بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتدا حیزبی تودە سیاسەتێکی دوفاقی گرتەبەر، هەرگیز سیاسەتێکی سەربەخۆی نەبووە، کە لەسەر هیچ پرسێك سەربەخۆ مامەڵە بکات بەڵکو هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێت بەرژەوەندی و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیێت لە ئێران لە چیدایە دواتر بڕیاری لەسەر بدات و بەپێی ئەو سیاسەتە هەڵسوکەوت بکات (اطلاعات، ١٣٦٢) لە ساڵی ١٩٤٥ تودە پشتیوانی لە حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان کردووە، کە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە پشگیری دەکران، بەڵام دواترلەساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ قەوام سەڵتەنە چووە ناو هاوپەیمانی و سێ ئەندامی سەرکردایەت حیزبی تودە وەك وەزیر بەشدار بوون لە کابینەکەی قەوام، لە ڕاستیدا قەوام دوای گەشتی بۆ مۆسکۆ لەگەڵ سۆڤیێت ڕێککەوت بە پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور بەو وڵاتە لەبەرامبەریشدا حکومەتی کورستان بروخێنێت و پشتیوانی لێ نەکات (آبراهامیان، ٢٠٠٣: ٢٩٣؛ اطلاعات، ١٣٦٢)، هەروەها باسیان لە کردەوە تیرۆرستییەکانیان کرد لەوانە غافڵکوژکردنی ڕۆژنامە نوسێك بەناوی مەسعود، تیرۆرکردنی چوار پۆلیسی هەواڵگری لە (١٩٥٤-١٩٥٥) لەگەڵ دژایەتی کردنی بزووتنەوەی خۆماڵی کردنی نەوت لەلایەن موسەدیق بە تۆمەتی وابەستەیی بە ئەمریکاوە(آبراهامیان، ٢٠٠٣: ٢٩٣).

شایەنی باسە حیزبی تودە لەکاتی خۆیدا ڕایگەیاندبوو، کە کۆمیتەی ناوەندی بە وتەی یەکێك لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی دەستیکردووە بە تاوتوێکردنی قسەکانی موسەدیق و گەشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە ئەمە تەڵەیەکە بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی حیزبی تودە، موسەدیق سازشی کردووە و بەڕەزامەندی ئەوە کە ئەم کودەتایە ڕوودەدات هەربۆیە ئەگەر ئێستا حیزب هەنگاو بنێت ئەوا کارێکی خۆ کوژییە، لەبەرئەوە حیزب بەرپرسان و کەسانی حیزبی ئاگادار دەکاتەوە چاوەڕێی فەرمان بکەن چونکە هەموو شتێك نمایشەو بە ڕەزامەندی موسەدیق دەستکراوە بە لێدان لە حیزبی تودە.(عبداللە ، ١٣٨٧:ل ٧٧-٧٨)

لە شەش خاڵد بەشێوەیەکی کورت و پوخت ناوەڕۆکی دانپێدانانەکانی کیانوری بۆ کۆماری ئیسلامی دەخەینە ڕوو:

- پێشێلکردنی دروشمی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، کە لەلایەن ئیمام خومەینی ڕاگەیەندرا بە دروشمی (نەرۆژهەڵاتی نەڕۆژئاوایی) پێویستبوو خۆمان لە هەرجۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ وڵاتانی بیانی بەدوور بگرین، بەڵام ئێمە تەنها بە وشە ئەم دروشمەمان قبوڵکرد و بەهۆی ئەو وابەستەگیەی هەمانبوو لەگەڵ حیزبی شیوعی سۆڤیەت نەمانتوانی دەسبەرداری سۆڤییەت بین، لە پرسە سەربازی و سیاسییەکاندا ڕاپۆرتمان داوە بە سۆڤییەت، ئەوەشی پەیوەندی بە سیاسەتی گشتییەوە هەبوو لەلایەن خودی من(کیانوری) ئامادەدەکرا و جار جار بۆ سۆڤییەت دەنێردا لەگەڵ ئەو هەواڵە سەربازی و زانیاریانەی لە ڕێگا دزە پێکراوەکانەوە دەستمان دەکەوت (اطلاعات، ١٣٦٢)، فلادیمێر کوزیچکین لە کتێبەکەیدا بەناوی(کا.گ.ب در ایران) لەبارەی حیزبی تودە و خودی نورەدین کیانورییەوە لەم بارەیەوە نوسیویەتی: "دووهەفتە جارێك نوسراوێك لە کیانورییەوە بۆ کونسوڵگەری سۆڤییەت دەهات ناوبراو لە ئامادەکردنی بەڵگەنامە بۆ ئەوکەسانەی لە سۆڤییەتەوە دەگەڕانەوە ئێران زانیاری پێدەدام، کە لەلایەن خودی خۆی نوسرابوون، ئەو بابەتانەشی پەیوەندی بەچالاکی حیزبی تودەوە هەبوو لە ئێراندا لەگەڵ زانیارییەکانی پەیوەست بەبارودۆخی ئێران بەشێوەی ڕەمز دەنوسی منیش وەرم دەگێڕایە سەر ڕوسی و بۆ سۆڤییەتم دەنارد".( طلوعی :ل ٥٣٢-٥٣٣)
- مەسەلەی چەك: کاتێك ئیمام فەرمانیدا هەموو چەکەکان ڕادەستی حکومەتی کۆماری بکرێت ئێمە هەندێك چەکمان هەڵگرت و هەندێکیشیمان شاردەوە لەڕاستیدا ئەمە خیانەتێکی گەورە بوو، چونکە ئەو چەکانە بۆ بەرەکانی جەنگ زۆر پێویست بوو لە دژی سوپای عێراق.
- پێشێلکردنی بەیاننامە دە خاڵیەکەی داواکاری گشتی، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی گروپە نهێنیەکان و ڕادەستکردنەوەی چەکەکانیانی دەکرد لەڕاگەیەندراوەکەدا مافی کارو چالاکی دابوو بەپێی تیۆرو بیروباوەڕی خۆیان، بەڵام ئێمە بەهای ئەم لێخۆشبوونەمان نەزانی و کاری سیخوریمان ئەنجامدا.
- بەکارهێنانی پۆلێك ئەفسەر لەناو ڕیزەکانی سوپا بۆ پێدانی زانیاری سەربازی پێمان، کە ئێمەش دەماندا بە سۆڤییەت
- یاسای پاکسازی، کە لەلایەن مەجلیسی شورای ئێران دەرچووە، بۆ پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك لەناو کۆمار، مەبەست لێی هەر ڕەوت و لایەنێکی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو هەرچەند ناوی تودەی نەهێنابوو، بەڵام ئێمە هەوڵماندا کەسە کاریگەرەکانمان بخەینە شوێنە هەستیارەکان وکەسانی نوێ ڕابکێشین بۆ پەیوەند کردن بە حیزبەوە. بەزاندنی سنور و هەوڵدان بۆ جێهێشتنی وڵات بەشێوەیەکی نائاسایی دوای دروستبوونی مەترسی لەسەرمان.(اطلاعات، ١٣٦٢)

ئەمانەو چەندین شتی دیکە، کە باسیان لێوە کردووە لەوانەش بێهەڵوێستیان لەبەرامبەر پێدانی چەك لەلایەن سۆڤیەت بە عێراق لە دژی ئێران و پشتگیری کردنی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیێت، دزەکردنە ناو دەزگاکانی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی حکومەت و پێدانی بە دەزگای هەواڵگی سۆڤیەت. ئەم دانپێدانانەی سەرانی حیزبی تودە بە

بۆچوونی زۆرێك لە نوسەران لەژێر فشاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە و ناکرێ هەمووی بەڕاست لەقەڵەم بدرێت، بەڵام بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامە لەدژی حیزبی تودە، کە دواتر لەساڵی ١٩٩١ فلادیمێر کوزیچکین لە کتێبێکدا تەواوی بەڵگەنامەکانی خستە ڕوو لەگەڵ چەندین زانیاری دیکە لەبارەی حیزبی ناوبراو هیچ بوارێکی بۆ نادروستی دانپێدانانەکانی ئەندام و لایەنگرانی تودە نەهێشتەوە.

دواتر لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا هەڵوەشاندنەوەی حیزبی تودە لەلایەن داواکاری گشتی شۆڕشی ئیسلامیەوە ڕاگەیەندرا، کە جەختی کردبووە سەر ئەوەی حیزبی تودە، سیخوڕی کردووە بۆ وڵاتانی بێگانە و چەکی لەدژی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە و هەوڵی تێکدانی بەرهەم و کارگە و پیشەسازی ئێرانی داوە. هەربۆیە بە پشت بەستن بەدەستوری ئێران، حیزبی تودە یاساخ کرا، مۆڵەتی هەشت ڕۆژ دراوە بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ناوبراو، کە خۆیان بناسێنن ئەگەرنا لێپێچینەوەی یاسایان لەگەڵدا دەکرێت، بە تاوانی پیلانگێری لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەپێی یاساکانی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامی سزا دەدرێن.(اطلاعات، ١٣٦٢). دوای ئاشکرا بوونی تۆڕی سیخوڕی تودە حکومەتی ئێران (١٨) ئەندامی باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیێت لە وڵاتەکەی دەرکرد لە ناو ئاپۆڕەی جەماوەری ئێران لە فرۆکەخانە و بە وتنی دروشمی نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا (مەرگ بۆ یەکێتی سۆڤیێت و ئەمریکا) ئەو ئەندامانەی باڵیۆزخانەی سۆڤییەتیان بەڕێیان کرد.(اطلاعات، ١٣٦٢).

شایەنی باسە، حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران قۆڵبەستکردنی ئەندامانی حیزبی تودەی بەدەستکەوتی خۆی دادەنا و هەرگیز دانی نەنا بە دەزگای هەواڵگری بەریتانیا و ئەمریکا، تەنانەت باڵیۆزەکەی سۆڤیێتیش، بەڵکو سەرۆکی دادگا حوجەتوئیسلام ڕەی شەهری ڕایگەیاند: ''دادگایی کردنی ئەندامانی خائینی حیزبی تودە، تەنها نابێتە دادگاییکردنی مێژووی شۆڕشی ئیسلامی، بەڵکو دەتوانین بڵێین دەبێتە یەکێك لەدادگاییەکانی مێژووی جیهان، قۆڵبەستکردنی سەرکردە و ئەندامانی ڕێکخراوی نهێنی حیزبی هەڵوەشاوە و خیانەتکار، کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەبوو یەکێکە لە موعجیزەکانی ئیلاهی و دەستکەوتە مەزنەکانی ئەم شۆڕشە، کە ئەم کارە بە مەزنترین دەزگا سیخوڕییەکانی جیهان نەدەکرا'' (اطلاعات، ١٣٦٢)، ئەمەش حاشاکردن بوو لەو ڕاستیەی ئەمریکا و بەریتانیا لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ژێربەژێر لەگەڵ خومەینی کەوتبونە پەیوەندی و زانیارییان لەبارەی حیزبی تودە پێدابوو. بەم شێوەیە حکومەتی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە حیزبی تودە هێنا، لە ئێران و ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر لەدژی کادر و ئەندامانی حیزبی تودە، بە شێوەیەك هیچ دەرفەت و هەلێکی بۆ ئێرانییەکان نەهێشتەوە تاوەکو چی لە ڕێگای دیموکراسی بە شێوەی جیاواز یاخود نارەزایی دەربڕین لەدژی بڕیاری داواکاری گشتی و دەسەڵاتی ئیسلامی دەنگی نارەزایی هەڵبڕن، هەموو هەوڵێکی بۆ هاوسۆزی و لایەنگری تودە بە خیانەتی نیشتیمانی دانا و سزاکانی دایە دەست دادگاکانی شۆڕش، ئیتر بە یەکجاری کۆتایی بە ڕۆڵی تودە هێنا لەسەر تەختی شانۆی سیاسی ئەو وڵاتە.

پاش دوو ساڵ لە گرتن و لەسێدارەدانی ئەندام و سەرکردەکانی حیزبی تودە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی لە ڕۆژی ٦ نیسانی ١٩٨٥دا لە نوسینێکدا ئاماژە بەوە دەکات دیپلۆماسێکی یەکێتی سۆڤیێت، کە ئەندامی (K.G.B) واتە دەزگای سیخوڕی ئەو وڵاتە بەناوی(ڤیکتۆر کازاکۆف Victor Kazakkov) بە هاوتا ئەمریکیەکەی بەناوی (ڕاڵف بویس Ralph Boyce ) ڕاگەیاندووە مەترسی شۆڕش لە ئێراندا هەیە، بەڵام بویس ڕەتی کردۆتەوە و ئاماژەش بەوە دەکات، کە لە نیسانی ١٩٧٧ کازاکۆف لە نامەیەکی دەستنوسدا ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە هەژار و بێدەسەڵاتەکان و نەیارانی شۆڕش دەکەن تا زنجیرەکان لەدەست و پێیان بکەنەوە.(هاوار، ٢٠١٣: ل٢٣٨-٢٣٩) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێشتر هەریەك لە بەریتانیا و سۆڤیێت و ئەمریکا زانیارییان هەبووە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش بەڵام چاوەڕووانی ڕوخانی دەسەڵاتی شا نەبوون لە ئێراندا.

## ئەنجام

لە ئەنجامی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە :

- حیزبی تودە بە بەردەوامی هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران خەباتی ڕێکخراوەیی و نهێنی لە ئێران درێژە پێدا، بە دەستپێکی خۆپێشاندان و ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ناوخۆیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ ئەندام و لایەنگرانی تودە بەشێوەیەکی کارا بەشدارییان لە درێژەدان بە شۆڕش و پەکخستنی کەرتی پیشەسازی و کارگەکان کرد، ئەمە وایکرد سەرنجی ڕەوتی ئایینی بۆلای خۆی ڕاکێشێت.
- لەمیانەی ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلان یەکێك لەو حیزبە سەرەکییانەی پشتیوانی هەڵوێستەکانی ڕەوتی ئایینی کرد لە ئێراندا بە ڕێبەری ئایەتوڵلا خومەینی، لەژێر چەتری دژایەتی ئیمپریالیزم و دوژمنی هاوبەشی حیزبی تودە بوو، بێگومان بەپشتیوانیکردنی ڕیفراندۆمی دەستوری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە هەموو پێوەرەکان هەڵەیەکی کوشندە بوو بۆ حیزبی تودە و بنکە جەماوەرییەکەی و هەروەها دژی بنەماکانی کاری حیزبایەتی ڕەوتی کۆمۆنیستی بوو.
- ڕاستی بێ دەنگی ڕەوتی ئاینی و خودی ئایەتوڵلا خومەینی بۆ سود وەرگرتن لەپشتیوانی حیزبی تودە و تێپەڕاندنی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی ئێرانی تێکەوتبوو دوای شۆڕش هەڵەیەکی گەورەی حیزبی تودە و تاکتیتێکی لێزانانەی خومەینی بوو، گەرنا قۆناغی دوای دەستپێکی جەنگی عێراق و ئێران و لاوازبوونی پێگەی جەماوەری حیزبی تودە و ترسی ڕەوتی ئاینی لە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی لەنێو گەنجانی ئێراندا، پاڵی نا بەخومەینی و ئاخوندەکانی دەورییەوە بەهاوکاری دەزگای سیخوڕی MI6 ی بەریتانی و C.I.A ئەمریکی لەڕێگەی پێدانی زانیاریی لەسەر نفوزی حیزبی تودە لەنێو دام ودەزگا سەربازی و ئاسایشییەکانی ئێران، ڕەوتی ئایینی گورزێکی توندی لە حیزبی تودە دا و زۆرینەی کەسانی تودەیی دەسگیرکرد و زیندانی کردن، ژمارەیەکی زۆری لەسێدارەدان و حیزبەکەشی یاساخ کرد، بەم هەنگاوە حیزبی تودە ڕویکردە تاراوگە و

چالاکییەکانی لەئێراندا بەتەواوی وەستاند، لێکەوتەکانی ئەو لێدانە هەنوکەش بە حیزبی تودە و لایەنگرانییەوە دیارە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا.

**تێبینی:**

* ئەم حیزبە ساڵی ١٩١٧ لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی چەپ لە باکۆ، بەسەرکردایەتی(حەیدەر ئۆغلۆ سوڵتان زادە) دامەزراوە، خۆیان وەکو حیزبێکی مارکسی- لینینی ناوبردووە و چالاکییەکانیان لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی کرێکارانی ئێرانی لە تاراوگە ئەنجامدەدا. بڕوانە: (سپهر زبیح، تاریخ جنبش کومنیستی در ایران، انتشارات عطائی، تهران ١٣٦٦، ص٥٠ ؛ تقی شاهین پیدایش حزب کمونیست ایران، ترجمه ر.رادینا، گونش، تهران ١٣٦٦، ص١٣٦.)

** نورەدین کیانوری(١٩١٥-١٩٩٨) کادرێکی چالاکی حیزبی تودە بووە، لەساڵی ١٩٤٨ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە هەڵبژێردراوە، بەهۆی ناکۆکی نێوخۆییەکانی ئێرانەوە چۆتە سۆڤییەت و تا ساڵی ١٩٧٢ لەو وڵاتە پەناهەندە بووە، لەساڵی ١٩٧٨ وەك سکرتێری یەکەمی حیزب هەڵبژێردراوە، دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن خومەینی خۆی و هاوسەرەکەی(مریەم فەیروز) لە ماڵەکەی خۆیاندا لە ژێر چاودێری حکومەتی ئیسلامی ژیاون بەشێوەی زیندانی و هەر لە ماڵەکەی خۆشیدا کۆچی دوایی کردووە.وەرگیراوە لە :(نورالدین کیانوری، ١٢ بهمن ١٣٩٧-١ فوریه ٢٠١٩. www.bbc.com)

*** شاپور بەختیار سەردار فاتیحی(١٩١٤-١٩٩١)، لە ناوچەی بەختیاری هاتۆتە دنیا، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بووە لە بواری یاسادا، ناوبراو لە دوای ساڵی ١٩٤٢ دەستی بەکاری سیاسی کردووە، لەسەردەمی حکومەتەکەی موسەدیقدا پۆستی یاریدەدەری وەزارەتی کاری هەبووە، هەروەها لەساڵی ١٩٦٠ بە ئەندامی شورای بەرەی نیشتیمانی هەڵبژێردراوە و بەردەوام بووە لە چالاکی و کاری سیاسی، چەندین جار دەستگیرکراوە، لە١١/٢/١٩٧٩ توانی لە ئێران هەڵبێت و بچێتە فەرەنسا، بەڵام لە ئابی ١٩٩١ لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆر کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شاپور بختیار، یکرنگی، ترجمه: مهشید امیر شاهی، پاریس، ١٣٦١)

**** لەڕاستیدا هەڵبژاردنی محەمەد مەهدی بازرگان لەلایەن خومەینی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی کاتی سیاسەتێکی تاکتیکی خومەینی بوو، چونکە ناوبراو خاوەنی پێشینەیەکی خەباتی سیاسی بوو، تا ڕادەیەکیش خۆشەویست بوو هەم لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی و هەمیش لە ناو پارتە سیاسیەکانی ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسۆزی بۆ باڵی ڕەوتی ئاینی هەبوو، خومەینی بە هەڵبژاردنی مەهدی بازرگان زنجیرەیەکی پەیوەندی دروست دەکرد لەنێوان عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان، هاوکات توانی شۆڕشیش لە پیلانەکانی ئەمریکا بپارێزێت لە هەر هەوڵێکی ئەو وڵاتە بۆ لەباربردنی شۆڕش.بڕوانە: (خیرالله اسماعیلی، دولت موقت، تهران، ١٣٦٠، ص٣٨-٤٨.)

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان:**

**آ. کتێب بەزمانی کوردی:**


١. ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد، مێژووی بزافی چەپ لە ئێران و هەڵوێستی بەرانبەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.

٢. سەرباز حەمە کەریم، پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و ئێران(١٩٤١-١٩٥٣)، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.

٣. عەبدوڕەحمان قاسملۆ، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، فەصلی سێیەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١.

٤. لوقمان خەیاڵی، ئێران لەسەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا(١٩٢٦-١٩٧٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ،٢٠١٩.

٥. م.س.ئیڤانۆف، مێژووی نوێی ئێران، وەگێڕان،سەرباز حەمە کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٦. نازناز محەمەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەکوردستانی عێراقدا١٩٦١-١٩٧٥، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

٧. هاوار کەمال میرزا عەبدوڵلا، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لەسەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەردا(١٩٧٧-١٩٨١)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.

٨. یاسین سەردەشتی(دکتۆر)، هەڵوێستی حزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد(١٩٤١-١٩٨٣)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٥.


**ب. کتێب بەزمانی فارسی:**


١. ایرج اسکندری، خاطرات ایرج اسکندری، چ١، موسسه مطالعات و پژوهشای سیاسی، ١٣٧٢.

٢. احسان طبری، نویشتەهای فلسفی و اجتماعی(برخی مسائل نظری مربوط به انقلاب ایران)، ج٢، چ٢، انتشارات حزب توده ایران، ١٣٨٥.

٣. تقی شاهین پیدایش حزب کمونیست ایران، ترجمه ر.رادینا، گونش، تهران ١٣٦٦,٤

٤. جان.دی.استمپل، درون انقلاب ایران، ترجمه، د.منوچهر شجاعی، چاپ اول،موسسه خدمات فرهنگی رسا، تهران،١٣٧٧.

٥. خسرو معتضد، تنش بزرگ(روابط خارجي ايران در دوران رضاشاه از ١٣٠٠-١٣٢٠) نشر پيكان، تهران، ١٣٧٧.

٦. جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکلگیری تا فروپاشی(١٣٦٨-١٣٢٠)، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، بهار ١٣٨٧.

٧. خیرالله اسماعیلی، دولت موقت، تهران، ١٣٦٠.

٨. داود علی بابایی، بیست و پنج سال از ایران چه گذشت' از بازرگان تا خاتمی'، ج١، چ٢، امید فردا، تهران، ١٣٨٤.

٩. سپهر زبیح، تاریخ جنبش کومنیستی در ایران، انتشارات عطائی، تهران ١٣٦٦.

١٠. سعید قانعی، رضا شاه پهلوی،چ١،تهران، ١٣٨٧.

١١. شاپور بختیار، یکرنگی، ترجمه: مهشید امیر شاهی، پاریس، ١٣٦١.

١٢ .عباس پناهی، حزب توده ایران، معضل امنتی آلمان شرقی، کتاب ماه تاریخ و جغرافیا، بهمن ١٣٨٧.

١٣. عبدالله برهان، کارنامه حزب توده و راز سقوط مصدق، ج٢، چ١، نشرعلم، چاپخانه مهارات، ١٣٧٨.

١٤. کیانورالدین، پرسش و پاسخ درباره مشی سیاسی حزب توده ایران، چ١، شرکت سهامی، تهران، ١٢٥٨.

١٥. کریم سنجابی(دکتر)، امیدها و نا امیدها''خاطرات سیاسی''، چ١، (انتشارات جبهه ملیون ایران- لندن، ١٢٦٨.

١٦. گذشته چراغ راه آینده است(تاریخ ایران در فاصله دو کودتا ١٢٩٩-١٣٣٢)، پژوهش از جامی، ققنوس، تهران، ١٣٧٧.

١٧. مازیار بهروز، شورشیان آرمانخواه ناکامی چپ در ایران، ترجمه مهدی پرتوی، ققنوس، تهران، ١٣٨٠.
١٨. محمود طلوعی، صد روز آخر، چ١، چاپخانه حیدری، ١٣٨٧.
١٩. محمود طلوعی، داستان انقلاب، چ٣، چاپخانه مهارات، تهران، ١٣٧١.
٢٠. مصطفی علم، نفت قدرت و اصول، ترجمه غلامین محدالجبار، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٧١.
٢١. محسن میلانی، شکل گیری انقلاب اسلامی از سلطنت پهلوی تا جمهوری اسلامی، ترجمه، مجتبی عطارزاده، تهران، ١٣٨١.
٢٢. نورالدین کیانوری، خاطرات نورالدین کیانوری، موسسه تحقیقات و انتشارات دیدگاه، تهران،١٢٧٢.
٢٣. نورالدین کیانوری، حزب توده ایران و دکتر محمد مصدق، چاوشان نوزایی کبیر، تهران، ١٣٥٩.
٢٤. هادی نخعی و حسین یکتا، روزشمار جنگ ایران و عراق-زمینه‌سازی.جنگ .نامه اول(پیدایش نظام جدید)، ج١، چ١، چاپ پژمان، ١٣٧٥.
٢٥. ولادیمیر کوزیچکین، کا گ ب در ایران، ترجمه، اسماعیل زند، حسین ابوترابیان(دکتر)، چاپ سوم، چاپخانه رخ، تهران، ١٣٧١.
٢٦. ولیام شوکراس، آخرین سفر شا، ترجمه هوشنگ مهدوی، چ١٥، ، نشر اسیم، تهران، ١٣٨٥ .
٢٧. یرواند آبراهامیان، ایران بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، چ١١، چاپ غزل، تهران، ١٣٨٤.
٢٨. یرواند آبراهامیان، اعترافات شکنجه شدگان، ترجمه رضا شریفها، نشر باران، چ١، سوید، ٢٠٠٣.

**دووەم/ نامەی دکتۆرا:**

هاوار کەمال میرزا عەبدوڵڵا، ململانێی ئەمریکی-ئێرانی(١٩٨٠-١٩٩١)، تێزی دکتۆرایە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،بڵاونەکراوە، سلێمانی، ٢٠١٩.

**سێیەم/ ڕۆژنامەو گۆڤار**

**آ. گۆڤار بەزمانی کوردی:**

١. ڕەفعەت مورادی، حزبی توده لە ترۆپکەوە بۆ ئاوا بوون، ئایدیا دیپلۆماتیك، گۆڤار،ژمارە، (٢٨، ٢٩)/ نیسان/٢٠١٧.
٢. هاوار کەمال میرزا، دۆخی سیاسی ئێران لە نێوان شکستی حکومەتی سەربازی و هەڵاتنی شا بۆ تاراوگە، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە(٧)، ٢٠١٥.
٣. هاوار کەمال میرزا عەبدوڵڵا، هەڵوێستی ئایەتوڵڵا خومەینی لە حکومەتەکەی شاپور بەختیار(١٦ کانونی دووەم- ١١ شوباتی ١٩٧٩)،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ٣ نۆڤەمبەر ٢٠١٦.

**ب. ڕۆژنامە بەزمانی فارسی:**

١. ماو رفراندوم، مردم،(روزنامه)، شماره(٢)، سال اول، دوره هفتم، ٢٨ اسفند ١٣٥٧.
٢. درود بر دادگاهای انقلابی، مردم،(روزنامه)، شماره(٥)، سال اول، دوره هفتم، ٢٢ فروردین، ١٣٥٨.
٣. مصاحبه مطبوعاتی رفیق نورالدین کیانوری، مردم،(روزنامه)، شماره،(٦)، سال اول، دوره هفتم، چهارشنبه، ٢٩ فروردین ١٣٥٨.
٤. دورنماهای همکاری ایران و شوروی، مردم، روزنامه، (روزنامه)، شماره(١١)، سال اول، دوره هفتم، چهارشنبه، ١١/ اردبهشت،١٣٥٢.
٥. تضعیف رهبری انقلاب به سود ض انقلاب است، مردم،(روزنامه)، شماره(١٢)، سال اول، دوره هفتم، ٢٢ اردبهشت ١٣٥٨.
٦. تایید کمیتهای امام و پاکسازی آن بەسوی انقلاب است، مردم،(روزنامه)، شماره(١٣)، دوشنبه،٢٤/ اردبهشت، ١٣٥٨.
٧. اعلامیه کمیته مرکزی حزب توده ایران درباره انتخابات مجلس بررسی نهایی پیش نویس قانون اساسی، ١٦ تیرماه ١٣٥٨، مردم،(روزنامه)، شماره(٣٧)
٨. کندن دادگاههای انقلاب خطر بزرگی که انقلاب را تهدید می کند، مردم،(روزنامه)، شماره(٣٧)، سال اول، دوره هفتم، دوشنبه، ١٨ تیرماه ١٣٥٨
٩. مارکسیزم اخلاقیات. معنویات، مردم،(روزنامه)، شماره(٤١) ، سال اول، دوره هفتم، چهارشنبه، ٢٧ تیرماه ١٣٥٨.
١٠. رهبر حزب توده بەایران باز می گردد، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٧/١١/٢٤.
١١.گروههای چپ میتوانند حزب تشکیل دهند، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٧/١١/٣٠.
١٢. فدائیان و حزب توده جای خودرا در انقلاب خواهند داشت، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٧/١٢/٢٦.
١٣. حزب توده به جمهوری اسلامی رای میدهیم، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٧/١٢/٢٤.
١٤. کیانوری دبیرحزب توده بایران آمد، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٨/١/٢٦ .
١٥. آمریکا و انگلس در ناآرامیهای ایران دست دارند، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٥٨/٣/١٣.
١٦. سران حزب خائن توده به جاسوسی برای شوروی و خیانت بەکشور اعتراف کردند، اطلاعات، ١٣٦٢/٢/١١.
١٧. اعتراف اعضای کمیته مرکزی حزب توده به دهها سال جاسوسی برای ك.گ.ب، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٦٢/٢/١٣.
١٨. حزب توده منحل اعلام شد، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٦٢/٢/١٧.
١٩. ١٨ دیپلمات جاسوس شوروی از ایران اخراج شدند، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٦٢/٢/١٨.

٢٠. محاكمه كيانوری، افضلی فرمانده سابق نيروی دريايی و ديگران سران حزب توده آغاز شد، اطلاعات،(روزنامه)، ١٣٦٢/٥/١٩.

**چوارەم/ سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

١. دكتر فروتن حزب توده در مهاجرت، يادهائی از گذشته، بخش دوم- آرشيو اپوزسيون ايران
https://iran-archive.com/persian/iran

٢. نورالدين كيانوری( ١٢ بهمن ١٣٩٧-١ فوريه ٢٠١٩ )
https://www.bbc.com/persian/iran